# هێشتا وادەی کۆنگرەی سیانزەی پارتی دیارینەکراوە

## محەمەدی مەلا قادر

# "من دڵنیام لەکۆنگرەدا کاك مەسعود بە سەرۆکی پارتی هەڵدەبژێردرێتەوە"

دیداری ئیبراهیم عەلی - هەڵگورد سەمەد
فۆتۆ : ئیبراهیم



**● بڕیارە ئەمساڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی (١٣)ی خۆی ببەستێت‌و کۆمەڵێك گۆڕانکاریی بکات، بۆ ئاگاداربوون لە ئامادەکارییەکانی پارتی بۆ کـۆنگرە، (لڤین) ئەم دیمانەیەی لەگەڵ بەڕێز محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدا.**

**لڤـین: بـەنیازن کـەی کـۆنگرەی (١٣)ی پـارتی ببەستن، هیچ ئامادەکارییەک کراوە بۆ ئەوەی بەم زووانە کۆنگرە ببەستن؟**

محەمەد مەلا قادر: بڕیـاربوو سـاڵی پـار کـۆنگرەی سێزدەهەم ببەستین، ئێمـە وەك دەسـتەی پشـکنین‌و چـاودێریی، بـە کارەکـانی پشـکنین هەڵسـاین لـە لقەکانی حیزب کە نزیکەی نـۆ مانگمـان پێچـوو، بڕیاربوو دوای پشکنین لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە دابنرێت، بۆ ئەوەی کاربکرێت بۆ بەستنی کۆنگرە، ساڵی پار پێڕانەگەیشتین‌و زستانی بەسـەردا هـات، زسـتانیش تۆزێـك زەحمەتـە بـۆ کـۆنگرە، بۆیـە بڕیارمانداوە ئەمساڵ کۆنگرە ببەستین.

**لڤین: پارتی بەم دواییە لە ئۆرگانەکانیدا چەند گۆڕانکارییەکی کرد، ئەمە سیاسەتی ستراتیژی حیزبە یان ئەم گۆڕانکارییانە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی ئەو بەرپرسانە بووە کە گۆڕدراون؟**

محەمـەد مـەلا قـادر: ئێمـە بـەپێی هەلومـەرجی حیزبایەتیمان، بەپێی پێویسـتی‌و هەڵسـوکەوتی ئـەو کادیرانە لە ناوچـەکانی خۆیـان، بـە بەرژەوەنـدیی ببینین فـلان بـەرپرس دەگـۆڕین، جـا گـرنگ نییـە کەمتەرخـەمیی هـەبێت، یـاخود لەوانەیـە وەکـو پێویست گونجاونەبێت یا خۆی داوای کردبێـت، یـا دەبینین برادەرێك وەکو پێویست گونجاو نییە بۆ ئەو ناوچەیەی کە لێیەتی کە ڕەنگە مانەوەی لەوێ زۆر سوودمەند نەبێت، برادەرێکی تـر دەنێرینـە شـوێنی ئەو، ئەمە شتێکی ئاساییە.

**لڤین: لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە وتارەکەی ئاماژەی بە خاڵێک کرد کە دەبێت حیزب‌و حکومەت لەیەک جیابن، حیـزب حیزبایـەتیی خـۆی بکـات‌و حکومـەتیش حکومەتەیتیی خۆی، بەڵام زۆر جار دەستتێوەردانی حیزبی دەبینرێت لە کاروبارەکانی حکومەتدا؟**

محەمەد مەلا قادر: من دەمەوێت ڕوونکردنەوەیـەکم هەبێت لـەسەر ئەم لێدوانـەی سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیران، کاك نێچیرڤان بارزانی کـە ئـەو قسـەیەی کردووە ئەمە مانای وانییە بە هیچ شێوەیەك حیـزب نزیکی حکومەت نەکەوێت، یـا حکومـەت نزیکـی حیـزب نەکـەوێت، کـاك نێچـیرڤان سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانـەو ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـیی

پارتییە، کاک عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییە، وەزیرەکان کۆمەڵێکیان کادیری پارتین‌و کۆمەڵێکیان کادیری یەکێتیین، لەبەرئەوە ئیشەکە هەر تێکەڵاوە، بەڵام من کە ئەندامی مەکتەبی سیاسییم، مافی ئەوەم نییە کە بەناوی مەکتەبی سیاسیی بۆ وەزیرێک بنووسم‌و بڵێم دەبێت وابکەیت.

**لڤین: تا ئێستا لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیی باستان لە گۆڕانکارییەکانی سەرکردایەتی کردووە؟**

محەمەد مەلا قادر: بەدڵنیاییەوە گۆڕانکاریی دەبێت، ئەمە سروشتی هەموو کۆنگرەکانی ئێمەیە، من لە زۆرێک لە کۆنگرەکان بەشداربوومەو لە گەلێکیشیان ئەندامی سەرکردایەتی بوومە، ئەمە زۆر سروشتییە، لە هەر کۆنگرەیەک کۆمەڵێک هەڤاڵ دەرناچن‌و کۆمەڵێک هەڤاڵی نوێ دێن بۆ ناو سەرکردایەتی.

ئامانج لە بەستنی کۆنگرە کۆمەڵێک شتە، یەکەم کار سیاسەتی گشتی حیزب دیاریدەکرێت، ستراتیژیەتی حیزب دیاریدەکرێت، ئێستا ستراتیژیەتی ئێمە فیدراڵیەت‌و فرەلایەنییە، بەڵام ئایا لە کۆنگرەی سێزدەهەم ستراتیژمان هەر فیدراڵیەت دەبێت؟ یا سەربەخۆیی یا مافی چارەنووس دەبێت؟ ئەمە لە کۆنگرە دێتە گۆڕین، ئێستا بینای حیزبمان لە سەرشانەو شانەی سەرەکیی‌و رێکخراوو لێژنەی ناوچەو لق‌و مەکتەبەکان‌و کۆمیتەی ناوەندییە، لەوانەیە ئەوە بگۆڕین.

**لڤین: بەڵام گۆڕینی سەرکردایەتیی‌ بە تایبەت کاک مەسعود، پارتی بە بڤەی دەزانێت، ئایا کۆنگرە دەتوانێت گۆڕانکاریی وابکات؟**

محەمەد مەلا قادر: لەناو حیزبدا هیچ بڤەیەک نییە، بەشدارانی کۆنگرە دەزانن چۆن سەرکردایەتیی خۆیان هەڵدەبژێرنەوە، ئەمە لە دەسەڵاتی کۆنگرەیە، بەشدارانی کۆنگرە دەتوانن هەموو بڕیارێک بدەن، بەڵام کەسایەتییەکی وەکو کاک مەسعود، ئێستا رەمزی پارتییە، دڵنیام لەم قۆناغەدا ئەم کۆنگرەیە دیسان هەڵیدەبژێرێتەوەو هەر ئەو دەبێتەوە سەرۆک، چونکە ئێستا بۆ پارتیی‌و بۆ کوردیش وەکو رەمزێکە لەم قۆناغەدا، رەنگە ئێستا بەکەسی تر نەکرێت، بەڵام لە داهاتوودا هەموو شتێک قابیلی گۆڕینە.

**لڤین: کاک فەلەکەدین کاکەیی لە دیمانەیەکدا کە پرسیاریان لێکرد کە بۆچی وازی لە مەکتەبی سیاسیی هێناو خۆی هەڵنەبژاردەوە، گوتی من گەیشتمە لوتکە لەناو پارتی، بەو مانایەی ناتوانێت سەرۆکایەتیی پارتی وەرگرێت، هەستناکەیت ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی گەیشتوونەتە یەقین کە سەرۆکایەتی تەنها بۆ کاک مەسعودە؟**

محەمەد مەلا قادر: ئێمە تاکو ئێستاش لە قۆناغی رزگاریی دەژین، نەگەیشتووینەتە دواقۆناغی میللەتەکەمان، کە قۆناغی کۆمەڵگەی مەدەنیی‌و دیموکراتیەت‌و مافی مرۆڤە وەکو ئەورووپاو ئەمریکا، حیزبەکانی ئێمەش نەگەیشتوونەتە ئەم قۆناغە.

ناکرێت ئێمە بێین وا بیربکەینەوە کە هەموو شت کۆتایی هاتووەو دەکرێت (ئیبراهیم) جێی (محەمەد) بگرێتەوە، ئەوە ئاسان نییەو رەنگە زەرەریشی لێبکەین.

**لڤین: لەتەک مەکتەبی سیاسیی، مەکتەبی سەرۆک‌و مەکتەبی کاک نێچیرڤان هەیە، دەوترێت ئەو دوو مەکتەبە دەسەڵاتی (م.س)یان کەمکردووەتەوە؟**

محەمەد مەلا قادر: وانییە، مەکتەبی سەرۆک مەکتەبێکی تەنفیزی نییە، تەنها ئیشوکارەکانی سەرۆک بەڕێوەدەبات، مەکتەبێکی تریش هەیە کە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمە، ئەویش ئیشەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم بەڕێوەدەبات.

ئەم مەکتەبە بڕیارنادات‌و خاوەن بڕیارنییە، بەڵام مەکتەبی سیاسیی بڕیاردەدات، مەکتەبی سیاسیی کاک نێچیرڤان‌و کاک مەسعودیشی تێدایە.

**لڤین: خەڵکی گرفتی زۆریان هەیە، وەکو نەبوونی ئاوو کەرەباو نەبوونی خزمەتگوزاریی دیکە، ئێوە وەکو پارتی چەندە قبوڵتانە کە خەڵک بۆ ئەم داوایانە بڕژێتە سەر شەقامەکان؟**

محەمەد مەلا قادر: ئێمەش گلەییمان هەیە، منیش وەکو هاوڵاتیەک گلەییم هەیە، من بەشبەحاڵی خۆم لە (٢٤) سەعات (١٢) سەعاتیش کارەبام نییە، ئەم کێشەیە کێشەی منیشە، وەکو خەڵک پەرۆشم، بەڵام لەوانەیە من ئیمکانیەتم پتربێت لە خەڵک، چونکە خەڵک هەیە هەژارە، ئەوە کێشەیەکی گشتییە، کارەباو سووتەمەنی دەبێت حکومەتی مەرکەزی دابینی بکات بەپێی دەستوور.

ئێستا دەمانەوێت کەرکوک بێتە سەر هەرێمی کوردستان، نەوتی کەرکوک لە دەستی حکومەتی مەرکەزیشدا نییە، ئەمەریکا دەستی بەسەرداگرتووەو ئەو تەسەروفی پێوەدەکات‌و بەڕێوەیدەبات، ئەگەر کێڵگەیەکی گەورەی نەوت لە شوێنێک هەبوایەو حکومەت دابەشی نەکردایە، خەڵک حەقی بوو خۆپیشاندان بکات، بەڵام نەوت لە هیچ شوێنێک نییە، ئەوە تورکیایە لێمان دەبڕێت، ئێران چەند جار چووین هەر فرۆفێڵمان لێدەکەن، نایەنەوێت کارەبا بدەن، ئەم حکومەتە ئیقلیمییانە دەیانەوێت فشار دروستبکەن لەسەر حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی مەرکەزییش، بۆ ئەوەی ئەجێنداکانی خۆیان لە عێراق پیادەبکەن.

**لڤین: دەوترێت کەرکوک شارێکی نەوتییە، لەبەرئەوە ناگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، رەنگە ئەمریکاش بیداتە دەستی حکومەتی عێراق؟**

محەمەد مەلا قادر: خۆ رەنگە ئەگەر پێیانبکرێت وابکەن، هیچ دوورنییە، ئەمەریکا دەوڵەتی بەرژەوەندییەکانە، ئەمەریکا بۆ کورد نەهاتووەتە ئێرە، بۆ عێراقیش نەهاتووە، بۆ خۆی‌و بەرژەوەندییەکانی خۆی هاتووە.

**لڤین: هەستناکەن کە بە هەڵەدا چوون کە دەڵێن ئەمەریکا دەوڵەتی بەرژەوەندییەکانە، ئێستا دەبینین هەموو بودجەی عێراق ٤٢ ملیار دۆلارە، کەچی بۆش داوای ١٤٢ ملیار دۆلار دەکات بۆ شەڕی ئەفغانستان‌و عێراق؟**

محەمەد مەلا قادر: ئەوەش هەر بۆ بەرژەوەندیی خۆیەتی، ئەو تەنها بۆ ئەمساڵی نییە، بەڵکو بۆ سەد ساڵی تریەتی، عێراق کۆسپێکی گەورەبوو لە پێش ئەمەریکا، ئێستا دەیەوێت بیکاتە ماڵی خۆی، دەیەوێت عێراق لە کامپی ئەو بێت، ئەوکاتە نەوتی خەلیج‌و عێراق بۆ سەد ساڵی تر بۆ ئەو دەبێت، دواتر بازاڕ بۆ خۆی دروستدەکات، ساڵێک تا دوو ساڵ ئەو پارەیە سەرفدەکات، پاش دە ساڵی تر هەمووی وەردەگرێتەوە.

**لڤین: وا نازانیت خۆپیشاندان مافێکی هاوڵاتییانە، بەڵام زۆرجار بەرپرسان لە لێدوانەکانیاندا دەڵێن ئەمە دەستێکی لە پشتە؟**

محەمەد مەلا قادر: من ناڵێم دەستێکی لە پشتە، من دەڵێم هەندێک جار بە هەڵەدا دەچن، پێویستە خۆپیشاندانیش بکەن‌و راوبۆچوونی خۆشیان بڵێن، فشاریشیان هەبێت لەسەر بەرپرسانی ئێمە، ئەمە هەمووی باشە، بەڵام سووتاندن‌و خراپکردن ماڵوێرانییە، ئەوە نەکەن، ئەوەی تر هەمووی جائیزە، بەڵام سووتاندن‌و خراپکردن لەگەڵ ئەو ئیرهابە جیاوازیی نییە کە بێگوناه خەڵک لە بازاڕ دەکوژن، ئایا ئەمە کێشەی عیراق چارەسەردەکات؟ نەخێر کێشەکە ئاڵۆزتردەبێت، لەبەرئەوە ئێمە کە تاحەدێک وڵاتی خۆمان ئاوەدان کردووەتەوە، نابێت تێکیبدەین، ئەوە خیانەتە.